# ڕۆڵی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان لە دروستكردنی ڕای گشتیدا سەبارەت بە خوێندنی ئەلیكترۆنی خوێندكارانی زانكۆكانی سەلاحەدین و جیهان وەک نمونە

**شاناز محمد صادق** بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: shanaz87muhamad@gmail.com

**سارا محسن قادر** بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: sara.qadir@su.edu.krd

**پوختە:**

هاوكات لەگەڵ بەرەوپێشچوونەكانی تۆڕە كۆمەلاتییە جۆراوجۆرەكان وایكرد، كە ڕای گشتی گۆڕانكاری بەخۆیەوە ببینێت بۆ هەموو دۆزە جۆراوجۆرەكانی ناو كۆمەڵگا یەكێک لەو بابەتانە پرسـی خوێندنی ئەلیكترۆنی بوو، كە لە نێو تۆڕە كۆمەلاتیەكان بەتایبەت لەلایەن بەشێک لە خوێندكاران و قوتابیان، كاردانەوەی لێكەوتەوە، بۆیە لەم گۆشەنیگایەوە توێژەر لەم توێژینەویەدا بە شـێوەیەكی زانسـتی ڕۆڵی تۆڕە كۆمەلاتییەكان لە دروسـتكردنی ڕای گشـتی سـەبارەت بە پرۆسـەی خوێندنی ئەلیكترۆنی بخاتە ڕوو، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسـفییە، توێژەر بە مەبەسـتی بەدیهێنانی داتا و زانیاری ورد و پێویسـت سـەبارەت بە بابەتی توێژینەوە میتۆدی ڕووپێوی بەكارهێناوە، كۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابیانی زانكۆكانی كوردسـتان،قوتابیانی زانكۆی سـەلاحەدین و زانكۆی جیهان سـامپڵی توێژینەوەكەن، كە (422) قوتابی و خوێندكار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە هەردوو زانكۆی سـەلاحەدین و زانكۆی جیهان سـامپڵی وەكو سـامپڵی توێژینەوەكە وەرگیراون، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، كە توێژەر پێی گەشـتووە تۆڕە كۆمەلاتییەكان هۆكارێكن بۆ دروسـتكردنی ڕای گشـتی و هەموو ئەو هاشـتاگانەی لە ڕێگای تۆڕە كۆمەلاتیەكانەوە بۆ پرۆسـەكە بڵاوبوونەوە بوونە هۆی دروسـتكردنی ڕای گشـتی سـەبارەت بە پرۆسـەی خوێندنی ئەلیكترۆنی،بەهێزترین تۆڕ، تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسـبووكە بۆ دروسـتكردنی ڕای گشـتی لە كوردسـتان. لە كۆتایی توێژینەوەكەش دا چەند ڕاسـپاردو پێشنیازێک خراونەتە ڕوو.

**كلیلە وشەكان:** ڕۆڵ، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، ڕای گشتی، خوێندنی ئەلیكترۆنی.

## پێشەکی:

لەگەڵ سەرهەڵدانی تۆڕی ئینتەرنێت و بەرەو پێشچوونەکانی تەکنەلوژیا و گەشەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان میدیای باو(کلاسیک) ڕەوتیکی تری وەرگرت،ڕای گشتی گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهات،لە فۆرمە کۆنەکەی دەرچوو،ڕای گشتی تەنها لە چوارچێوەی یاخود سنورێکی جوگرافیای دیاری کراو نەما،لە ئێستادا دەتوانرێت بە ئاسانترین شێوە ڕای گشتی بورژێت وەک ئەوەی لە ڕێگای میدیای کلاسیکی ،تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەکو ئامرازێکی نوێی سەردەمیانە و گواستنەوەی زانیارییەکان وای کرد کە بوار بڕەخسێت بۆ جەماوەر بە هەموو توێژ و چینەکان کە ڕای خۆیان دەرببڕن لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە،کە ئەمەش ڕێگا خۆش کەرێکە بۆ ئەوەی زۆر بە ئاسانی ڕای گشتی لە ڕێگای ئەم تۆڕانەوە دروست ببن بۆ هەموو ئەو بابەتانە جیاوازانەی کە لە ناو کۆمەڵگا ڕای گشتی دەجولێنن، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بواری ڕەخساند تاک بتوانێت لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە گوزارشت لە ڕاو بۆچوونی خۆی بکات داهاتنی تۆڕە کۆمەڵایتیەکان بووە هۆی گۆڕینی چەندین سیستەمی دیکتاتۆری و گۆڕینی ئاراستەی تاک بەرامبەر هەموو ڕووداوەکان لابردنی چەندین سەرۆکی دیکتاتۆر.لە دوای هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کوردستان و داخستنی ناوەندەکانی خوێندن،پەیرەوکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆرترین کاردانەوەی بە دوای خۆیدا هێنا و بووە باس و خواسێکی گەرمی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەت قوتابیانی زانکۆ بووە هۆی دروست بوونی ڕا گشتی لە نێوان سەرجەم خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و دەربڕینی ناڕەزایی بە هۆی هەموو ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کوردستان و نەگونجانی ئەو پرۆسەیە بۆ ژینگەی کوردستان، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(**ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دروستکردنی ڕای گشتیدا سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی) کە توێژینەوەیەکی ڕوپێوویە- قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان بە نموونە**.ئەم توێژینەوەیەکی وەسفیە،گرنگترین ئامانجەکانی (زانینی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە دروست کردنی ڕای گشتی سەبارەت بە پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی .لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی ڕووپێوویی بەکارهێناوە بەو پێیەی کە گونجاوترین میتۆدە لەگەڵ ئەو ئامانجانەی توێژەر دەیەوێت بەدەستی بهێنێت لەم توێژینەوەیەدا، ئەم توێژینەوەیە دابەش بۆتە سەر **سێ بەش**،**بەشی یەکەم** کە بریتیە لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە کە بریتیە لە(کێشەی توێژینەوە،گرنگی توێژینەوە،توێژینەوەکانی پێشوو،پرسیارەکانی توێژینەوە،ئامانجەکانی توێژینەوە،ڕێکرە مەیدانیەکانی توێژینەوە ،جۆر و میتۆدی توێژینەوە،کۆمەڵگای توێژینەوە،سامپڵی توێژینەوە،کەرەستەکانی توێژینەوە،ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان،چەمکەکانی توێژینەوە،سنورەکانی توێژینەوە،.**بەشی دووەمی** ئەم توێژینەوەیە کە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە دابەش بۆتە سەر **سێ تەوەر**،**یەکەم** باس لە چەمکەکانی توێژینەوە، وچەمک و پێناسەی تۆڕە کۆمەلایتیەکان و تایبەتمەندی تۆڕە کۆمەڵایتەکان و **دووەم** باس لە چەمک و پێناسەی ڕای گشتی و تایبەتمەندی ڕای گشتی و ،**سێیەم** باس لە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و دروست بوونی ڕای گشتی سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی و کە باس لە ناساندنی خوێندنی ئەلیکترۆنی و تایبەتمەندی خوێندنی ئەلیکترۆنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

و ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندنی ئەلیکترۆنی لە کوردستان و دەنگدانەوەی ئەم پرۆسەیە و دروست بوونی ڕا لە لایان قوتابیانی زانکۆکانی هەرێم.بەشی سێیەمی توێژینەوەکە کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە پێک هاتووە لە خستە ڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان ،دواتر ئەنجامەکانی توێژینەوە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو.

## یەکەم/چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

**کێشـــەی توێژینەوەو گرنگی توێژینەوە:** پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵاتییەکان کاریگەریی زۆری لە گۆڕینی وروژاندنی ڕای گشتی دروستکرد ،کێشەی توێژینەوە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بۆ دروستکردنی ڕای گشتی سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی و گرنگترین ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی دروست کردنی ڕای گشتی لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

**گرنگی توێژینەوە:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەی کەسەکان لە سەردەمی ئێستادا توانیویانە کاریگەریی بەهێز دروست بکەن، بە تایبەت ئەو بابەتانەی دەبنە هۆی دروستکردنی ڕای گشتی لە ناو کۆمەڵگا و دەبنە هۆی دروســت بوون و وروژاندنی ڕای گشــتی لە لایەن چین وتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا،بەو پێیەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە ئیســتادا دەتوانن زۆرترین کاریگەریی بۆ پرســە جیاجیاکان و گۆرینی ئاراســتەی جەماوەر دروستبکەن ، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن ئاڕاستەی زۆربەی ئەو بابەتانە بگۆڕن، کە ڕای گشتی دروست دەکەن.

## ئامانجەکانی توێژینەوە:

1. زانینی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دروستکردنی ڕای گشتی سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی.
2. کاریگەری هەموو ئەو هاشــتاگانەی لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵاتییەکانەوە بڵاوبوونەوە و بوونە هۆی دروســتکردنی ڕای گشتی سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی.
3. دروســتکردنی گروپەکانی فشــار لەتۆڕە کۆمەڵاتییەکان بوونە هۆی دروســتکرنی ڕای گشــتی ســەبارەت بە پرۆســەی خوێندنی ئەلیکترۆنی.

**جۆرو میتۆدی توێژینەوە:** توێژی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، میتۆدی وەسفی، ڕووپێوویی بەکارهێناوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

**پێوەری ڕاستی و جێگیری:** توێژەر بۆ دەرهێنانی پێوەری ڕاستی پشتی بە(5) پسپۆر و شارەزا لە بوارەکانی(ڕاگەیاندن وئامار) * بەستووە دوای هەڵسەنگاندنی شارەزایان دەرکەوت ڕێژەی سەدی ڕاستی ڕواڵەتی بریتییە لە (%88.3).

بۆ زانین و دڵنیابوون لە ڕادەی جێگیری بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هاوکێشەی (الفا کرونباخ)ی بەکارهێناوە ، لەم توێژینەوەیەش بەهاکەی بریتییە لە(0.766)

**کەرستەکانی توێژینەوە:** گرنگترین ئەو کەرەستانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون بریتین لە تێبینی و فۆڕمی ڕاپرسی.

**ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:** بریتین لەو ئامرازە ئامارییانەی کە توێژەر بۆ بەمەبەستی شیکردنەوەی داتاکان دەستکەوتنی ئەنجامەکانی بەکاریان دەهێنێت، توێژەر بەشێک لە کەرەستە ئامارییەکانی بەکارهێناوە، گرنگترینیان(SPSS) (Statistical Package for Social Science)، واتە شیکردنەوەی داتای ئاماری لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیە کە بە سیستەمێکی پێشکەوتوو و گرنگ دادەنرێت. (الاشوح 2014، 146) بۆ شیکردنەوەی داتاکان، چەند یاسایەک بەکارهاتوون، کە ئەمانەن:

بەش × 100

1. ڕێژەی سەدی ————

کۆی گشتی

ك مج ص (1-ص) مج pq ك

5. هاوکێشەی (کرونباخ الفا) – ك- ر (20) = —— [ —————— ] [1- —— ] —— = (20) ك ر

ك-1 س ع 2 $s^2x$ ك 1-

**کۆمەڵگای توێژینەوە و سامپڵی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگای توێژینەوەکە قوتابیانی زانکۆکانی کوردستانە، سامپڵی توێژینەوەکە بریتیە لە قوتابیانی هەردوو زانکۆی سەلاحەین و زانکۆی جیهان لە شاری هەولێر لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، بە شێوەی نموونەی هەڕەمەکی ڕێکخراو، نموونەی(422) قوتابی وەرگیراوە، کە کۆی گشتی هەردوو زانکۆکە بریتیە لە(28,328)

---

* **ناوی شارەزایان و پسپۆرانی هەڵسەنگاندانی ناوەڕۆکی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە:**

1.پ.ی.د.حەبیب کەرکوکی، ڕاگەیاندن/ ڕادیۆ،تەلەفزیۆن/ پەیمانگای ئەڵمانی
2. پ.ی،د.سامان جلال مولود، ڕاگەیاندن/ ڕادیۆ، تەلەفزیۆن / کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر
3.پ.ی.د.حکیم عوسمان حمید ، ڕاگەیاندن،تەکنەلۆژیای میدیای بینراو/کۆلیژی تەکنیکی کارگێری زانکۆی پۆلتەکنیکی سلێمانی
4. پ.ی.د رزگار مەغدید ئەحمەد، ئامار/ کۆلێژی کارگێری ئابوری/ زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر
5. د.صادق حمە غریب ، ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە/ کۆلیژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021**

خشتەی (1) زانکۆ

| % | دووبارەبوونەوە | زانکۆ |
|---|---|---|
| 82.2% | 347 | سەلاحەدین |
| 17.8% | 75 | جیهان |
| 100% | 422 | کۆی گشتی |

خشتەی (2) کۆلێژ

| % | دووبارەبوونەوە | کۆلێژ |
|---|---|---|
| 51.4% | 217 | ئاداب |
| 31.8% | 134 | زمان |
| 8.3% | 35 | کۆلێژی ئاداب و هونەر |
| 8.5% | 36 | کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە گشتیەکان |
| 100% | 422 | کۆی گشتی |

خشتەی(3) قۆناغ

| % | دووبارەبوونەوە | قۆناغ |
|---|---|---|
| 34.8% | 147 | دوو |
| 31.8% | 134 | سێ |
| 33.4% | 141 | چوار |
| 100% | 422 | کۆی گشتی |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

خشتەی(4) ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوە

| | | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | مێ | 229 | 54.3% |
| | نێر | 193 | 45.7% |
| کۆی گشتی | | 422 | 100% |

## دووەم:لایەنی تیۆری توێژینەوە:

### یەکەم:دیاریکردنی چەمکەکان:

**1.تۆڕە کۆمەلایەتییەکان(social media ):** بریتییە لە کۆمەڵێک ئەپلیکەیشـــنی جۆراو جۆر،کە بەکارهێنەر دەتوانێت لە ڕێگای هەبوونی ئامێرە زیرەکەکان و هێلی ئینتەرنێت، پێیان بگات بەمەش کارلێک لە نێوان بەکارهێنەران و تۆڕە کۆمەلایەتیەکان دروســـت دەبێت ، بەکارهێنەر دەتوانێت وێنە، ڤیدیۆ، کۆمێنت تایبەت بە خۆی لە ڕێگای ئەم تۆڕانەوە بڵاوبکاتەوە.

**2.ڕای گشـتی(public opinion):** ووشــەی(ڕا) لە زمانی ئینگلیزیدا بە مانای(opinion) دێت،کە بناغە سـەرەکییەکەی لە ووشـــــەی ( opioe )هاتووە، ڕا واتا بیروڕا ، بیرۆکە، تێڕوانین، ڕا بریتییە لە چەند پرۆســـیەکی جیا جیا لە لایەن و ڕەهەندی خۆی هەیە، کە بە عەقڵ و هۆش و ئیرادەوە پەیوەستە.

**3. خوێندنی ئەلیکترۆنی (E-Learning):** واتا پرۆســەی فێرکردن بە بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکانی ســەردەم لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێت بۆ گەیشتن بە پرۆسەی خوێندن لە دەرەوەی بازنەی شێوازی خوێندنی کلاسیک(باو)

## دووەم/تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و ڕای گشتی

### 1.چەمک و پێناسەی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان

بریتییە لە تۆڕێکی کۆمەلایەتی لە شـــێوەی زنجیرەیەکی بەیەک بەســـتوو ،لە نێوان هاورێ و ئەندامانی، کە لە ڕێگای نووسـین و وێنەو یەکترناسـین و چات کردن ئاڵوگۆری بیرو ڕایەکانیان دەکەن (الحیطي 2013، 229)، بالاس(Balas)لە ســـالّی 2006پێناســـەی تۆڕە کۆمەلایەتیەکـانی کرد بەوەی پێی وابوو بریتییە لەو پرۆگرامەی، کە بۆ بونیـادنـانی کۆمەڵگاکان لەناو تۆڕی ئینتەرنێت دانراوە، کەتاکەکان دەتوانن بۆ هۆکـاری جۆراو جۆر پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن (Rakkanngan 2010, 20)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## 2:تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان:

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی چەند تایبەتمەندی جیاوازن لەوانیش:. (عائشة 2015، 29-30)

1.بەشــداری کردن(المشــارکة) یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی، کە وا دەکاتبۆ هەر کەسـێک ،کە بابەتێکی بەلاوە گرنگ بێت کاردانەوە و کۆمێنتەکان دروســـت ببێت بۆ ، هێڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و وەرگران، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان بۆ بەکـارهێنەرانی بە دانـانی فۆڵـدەرو نووســـین ســـەبـارەت بە هەر بـابەتێکی دیـاریکراو بواریـان ڕەخساندووە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانیت کۆمێنت بۆ هەر بابەتێک بکەی.

2.گفتوگۆکردن(المحادثة) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوار بۆ گفتوگۆکردن دەرەخســـێنێت ، بە پێچەوانەی ئامرازە ڕاگەیاندنە کلاسیکییەکان ، کە زیاتر پشت بە پەخش کردنی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیان بە یەک ئاڕاستە بۆ هەموو وەرگرەکان دەبەستن.

3.کۆبوونەوە(التجمع) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بە خێرایی بوار دەڕەخسـێنن بۆ کۆبوونەوە و گەیشـتن بە شـێوەیەکی کارا(فعال)، کە چەند لایەنێکی هاوبەش بەیەکیان دەبەســتێتەوە ئەم کۆبونەوانە، لەوانەش دۆزە ســیاســیەکان و دۆزە کۆمەڵایەتییەکان....

4.جیهانی(العالمیة): تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو بەربەســـت و ســـنورە جوگرافییەکانی بەزاندووە، تاک هەر خۆی نووسەرەو هەم بەشداربووە بەمەش زاڵ بووە بەسەر لایەنی نەرینی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کلاسیکی.

5.ئاســانی بەکارهێنان.تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بە ئاســانی بەکارهێنەر دەتوانێت فێری بەکارهێنانیان بێت، ئەمەش وای کرد بە شێوەیەکی بەرچاو بەکارهێنەرانی ڕوو لە زیادبوون بکەن.

6.دروســـت کردنی کۆمەڵگا بە ڕێگایەکی نوێ: هەر لە گەڵ دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگای گریمـانەیی ســـەریهەڵدا،هەبوونی ئەم کۆمەڵگایە وایکردووە کە بوار بۆ بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕانە بڕەخســـێنێت ئەو پەیامـانەی دەیخوێنێتەوە ئاڵ و گۆڕی بیرو ڕاکانیان لە نێوان خۆیان بکەن. (السطالي 2019، 32).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## 3.چەمک و پێناسەی ڕای گشتی

ڕای گشـتی وا پێناس دەکرێت، کە بریتی بێت لە وەڵام دانەوەی خەڵک بۆ پرسـیارەکانی سـەبارەت بە ڕاپرسـی بۆ بابەتە گشـتییەکان، ڕا لە هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە. (حسـن 2012، 7)بریتییە لە ڕای زۆرینە لە ناو هەر کۆمەڵگایەکی وشیار سەبارەت بە هەموو دۆزەکانی ژیان جا چ سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری بێت.ڕای گشـتی بەرجەسـتەکرددنی خواسـت و داواکاری نەتەوەیەکە لە ئەنجامی کۆمەڵێک ئاماژەو لێکدانەوەی ئەو نەتەوەیە بۆ ئەو ڕووداوانەی، کە سەر هەڵدەداتئەو کۆمەڵە خەڵکە لەسەر بیرو ڕایەک ڕێک دەکەون.

بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-دەروونی دادەنرێت، پێکهاتەیەکی دینامیکی کۆمەڵایەتییە، کە بە ڕایەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەورە دراوە سەبارەت بە بابەتێک، کە جێگای باس و گرنگی بێت بۆیان، ڕای گشتی دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ئازادی ڕا دەربڕین، یاخود کۆمەڵێک ڕان لە لایەن کۆمەڵێک لە خەڵک بۆ چەند بابەتی گشـتی یاخود دۆزێکی گشـتی، زیاتر لە کاتی قەیرانەکان دەر ئەکەوێت. (الجباوي 2011، 110)

## 4. تایبەتمەندییەکانی ڕای گشتی:

1.سـەرهەڵدەدات تا ئەو کاتەی دۆزێکی گشـتی دەردەکەوێت یاخود بیرۆکەیەک دەردەکەوێت(ڕای گشـتی) سـەبارەت بە ڕووداوەکە پێش ئەوە ببێت بە قەیران وێنایەکی تەواو دروست دەکات. (حطيبة 2017، 187)

2.ڕای گشتی هەوڵێکە بۆ کەم بوونەوەی ئاڵۆزییەکان و بێ هیوایی جەماوەر.

3.بۆ دروست بوون و بەردەوام بوونی ڕای گشتی پێویستی بە ڕای زۆرینەی جەماوەرە.

4.دیاردەی ڕای گشـتی جا چ ڕای گشـتی ناوخۆ یا دەرەکی بێت کاتێک خۆی دەردەخات کە ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە کاری تێدەکەن زۆر بەهێز بن.لایەنی ئەرێنی لە لایەنی نەرێنی زۆرتر بێت.

5.ڕای گشتی بەرامبەر ڕووداو و پرسە گرنگەکان و دۆزە مەترسیدارەکان زیاتر هەستیارترە . (حمليل 2007، 162).

6.ئەگەر هەلی دیموکراتی و ئازادی و بواری فێربوون و ڕاگەیاندنێکی تەندروسـت بە جەماوەر درا ،ئەوا ڕای گشـتی دەتوانێ بناغەیەکی بەهێزی هەبێت و ناتوانرێت لە ڕێگای پڕوپاگەندەوە بە لاڕێدا ببرێت.

7.جەماوەر لای ئاسـانە ،کە ئامانجەکانیان دیاری بکەن، بەڵام زەحمەتە ئاخۆ کامە ئامرازی ڕاگەیاندن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەستنیشان بکەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## بەشی دووەم/تۆڕە کۆمەڵاتیەکان دروستبوونی ڕای گشتی سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی

### 1.چەمک و ناساندنی خوێندنی ئەلیکترۆنی

بریتییە لەو ڕێگایەی، کە دەگیرێتە بەر بە مەبەستی پێشکەشکردنی فێربوون لە پرۆسەی پەروەردە و فیربوون، لە ڕێگای تۆڕی زانیارییەکان، فێرکردن بە پشت بەستن بە ئامرازە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان. (عطية 2013، 3). دەستەواژەی خوێندنی ئەلیکترۆنی هەموو ئەو بوارانەی فیرکردنە ،کە لە ڕێگای بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پیشکەوتوو ئەنجام دەدرێت. (الخفاجي 2015، 83)بە یەکێک لە شێوازەکانی فێرکردن دادەنرێت، لە ژێر چەتری مۆدێلی فێرکردنی نەرم(Flexible leraining model) بە هۆی هەموو ئامرازەکانی، کە لەنەوەی چوارەمی جیلی ئینتەرنێتن. (العاني 2007، 342)بریتییە لە سیستەمێکی کارلێکی کە پشت بە ژینگەیەکی ئەلیکترۆنی دەبەستێت ،بەکارهێنەر بە ئاسانی بە بوونی تۆڕی ئینتەرنیت دەتوانێت پێی بگات، بە پشت بەستن بە بوونی بەرنامەو ئەپڵیکەشنەکان ،کە هەل دەرەخسێنن بۆ ئاسانتر کردنی پرۆسەکە. (نبيل 2010، 132) بریتییە لەو سیستەمەی ،کە تێدا دەتوانرێت زانیاری و بابەتە زانستیەکان بگەیەنرێت بە بێ ئەوەی پێویست بکات قوتابی لە پۆلێکدا ئامادە بێت، بە بەکارهێنانی هەموو تەکنەلۆژیا پیشکەوتووەکان. (الطائي 2006، 94)

### 2.لایەنە نەرێنیەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی:

پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی چەندین لایەنی نەرێنی هەیە لەوانەش: (عبدالرؤوف 2014، 237)

1.لەڕووی تێچوونی ماددەییەوە ڕێژەی تێچوونی خویندنی ئەلیکترۆنی بە بەراورد بە خوێندنی کلاسـیکی ، خویندنی ئەلیکترۆنی ڕێژەی تێچوونی زیاترە.

2.لەناوچوونی ئەو پەیوەندی پتەوەی کە لە نێوان مامۆسـتا و قوتابیدا هەیە بە بەراورد بە خوێندنی کلاسـیکی، ئەی پەیوەندی نێوان قوتابیان و خوێندکاران لە ناوخۆیان و کەم بوونەوەی گیانی کێبرکێ لە نێوان قوتابیان کەم دەکاتەوە.

3.زیان گەیشتن لە ڕووی لایەنی جەستەیی و هزری، کە ڕەنگە تووشی قوتابیەکە ببێت بەدەر لە ئەنجامی زۆر دانیشتن و ووردبوونەوەی بەرامبەر بە شاشەی کۆمپیتەر و مامەڵەکردن لەگەڵ ئینتەرنێت، بە تایبەت ئەو کێشە تەندروستییانەی کە چاو ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

4.هەموو قوتابیان وەکو یەک شارەزایان نییە لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپیتەر، بۆیە توانای شارەزایی قوتابیەک لە قوتابیەکی ترەوە جیاوازە و لە لای هەندێ قوتابی قورسە.

5.خوێندنی ئەلیکترۆنی لەوانەیە لە لایەنی فێرکارییەوەجیاواز بێت، هەندێک لەو کاراماییانەی خوێندنی کلاسیکی لەناو بەرێت، بۆ نموونە ئەوەی لە پەرتوکێکی کاغەزیدا قوتابی چێژی لێ دەبینێت لە پەرتوکێکی ئەلیکترۆنی ڕەنگە چێژی لێ نەبینێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

6.هەرچەندە ئامرازە تەکنەلۆژییەکان لە بواری خوێندنی ئەلیکترۆنی دا بەرەو پێش بچن ، قوتابی لەگەڵ تێپەربوونی کات توشی بێزاربوون دەبن بەرامبەر بە شاشەی کۆمپیتەرەکەیەوە.

7.هەموو ئەو بەرنامانەی بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی بەکار دێت لە ڕووی ماددییەوە تێچوونیان زۆرە بە تایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی لە ڕیزبەندی وڵاتە دواکەتووەکان هەژماردەکرێن.

8.بە توێژینەوەیەکی زانستی سەلمێنراوە ،کە ئەو قوتابیانەی فێربوونیان لە ڕێگای خوێندنی ئەلیکترۆنییەوە بووە،توانای گفتوگۆ و بیرۆکە و داهێنانیان کەمترە لەو قوتابیانەی کە شێوازی خوێندنیان بە شێوەی کلاسیکی بووە.

## 3. ئاستەنگەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە کوردستان

1.نەبوونی کەرەستەسازی: وەک دابینکردنی هێڵی ئینتەرنێت، بۆ مامۆستاو خوێندکار. 2.نائامادەیی مامۆستاو خوێندکار، کە پێویستە بە سیستمی ئەلیکترۆنی ئاشنابکرێن.

3.نەبوونی شـوێن و جێگەی پێویسـت بۆ خوێندن لە ماڵەکانیان، نەبوونی کارەبا لەکاتی پێویسـت، بۆ نموونە بابەتێک لە کاتێکی دیاریکراو پێویســـتە بوترێتەوە، هەموو خوێندکارەکان ئاگاداردەکرێنەوە بەپێی خشـــتەی وانەکان، بەڵام ڕەنگە لەکاتی دیاریکراودا بۆ بەشێک لە خوێندکارەکان لەو ناوچانەی لێی دەژین کارەبا نەبێت کە بەشێک لە هێڵەکانی ئینتەرنێت بە کارەبا کاردەکات، یاخود هێڵ خاو بێت، یاخود لە گوندەکان نیشـــتەجێبن و هێڵی ئینتەرنێت نەبێت، ئەوکات خوێندکار ناچار دەبێت بە ریکۆردکراوی بابەتەکانی بەدەست بگات ،کە دەرفەتی پرسیار بۆ خوێندکار نییە، ئەمەش ڕەنگە خواستی خوێندکارەکە نەبێت. (حەمەغەریب 2020)

## 4.تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و دروستبوونی ڕای گشتی سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی:

دوای بڕیارەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە ٢ی ئایاری 2020 دەست بە خوێندنی ئەلیکترۆنی کرا، زۆرینەی زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکانی هەرێمی کوردسـتان دەسـتیان بە خوێندن بەم سـیسـتەمە کرد ،دوا بەدوای هاتنی ڤایرۆسـی کۆرۆنا جیهان و کوردسـتان تووشـی قەیرانێکی گەورەی تەندروسـتی بۆوە، کاریگەریی گەورەی لەسەر تەندروستی و ئابووریی و پرۆسەی خوێندن و ژیان بە گشتی دروست کرد،لە دونیادا سیستمی خوێندن بە شێوازی ئەلیکترنی هەیە کە کوالێتییەکەی کەمترە لەو خوێندنەی کە ڕاستەوخۆیە .هەروەها دیوێکی تری خوێندنی ئەلیکترۆنی ئەوەیە وەک سیستمێکی پشتگیری بێت ، بەڵام لە ئێستای کوردستان و ئەو دۆخەی تێیکەوتوە ئەم سـیسـتمە پاڵپشـتی نییە وەک ئەوەی ناونراوە بەڵکو خودی خوێندنەکەیە بە بێ ئامادەکاری پێشـوەختە و ڕاهێنانی چەند ساڵەی خوێندکار و مامۆستا.

سەپاندنی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە کوردستان دەنگدانەو نارەزایی و ڕای زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، لە کوردستان یەکەم جارە قوتابیان لە کوردســـتان ڕووبەڕووی پرۆســـەی خوێندنی ئەلیکترۆنی ببنەوە هەر لەگەڵ دەرچوونی بڕیارەکەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ پەیڕەوکردنی سیستەمی خوێندنی ئەلیکترۆنی قسە و ڕای زۆری دروست کرد،بووە بابەتی گەرمی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت لە ناو توێژی گەنجان بەو پێیەی زۆرترین بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چینی گەنجانن لە کوردستان.

نەبوونی هەموو ئەو زەمینەسازیەی لە کوردستان بۆ پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی وای کرد. کە تا ئاستێکی بەرز سەرکەوتن بە دەست نەهێنێت، کوردستان لە چاو وڵاتە پیشکەوتوتوەکانی جیهان، کە پێشتر پەیڕەوی ئەم سیستەمەیان کردووە و پیشینەیەکیان هەبووە زۆر لە دواوەیە، بەڵام ئەگەر سەیرێکی کوردستان بکرێت بە بەراورد بە وڵاتانی تر لەم پرۆسەیە زۆر لە سەرەتایەو ئەزموونی پێشووتری نییە ئاستەنگەکان زۆرن و لە پرۆسەکەدا تازەیە،بۆیە لە لایەنی قوتابیان و مامۆستایانەوە ڕووبەڕووی چەندین گرفت بونەوە،تەنانەت هەندێک لە قوتابیەکان شارەزایی ئەو سیستەمە نەبوون، کە پرۆسەکەی پێ ئەنجام دەدرا،ئەمە جگە لەوەی لە لایان هەندێ لە قوتابیانەوە پرۆسەیەکی نامۆ و شکست خواردوو ئەژمار کرا،مامۆستایانیش بەهەمان شێوە ،کە پێیان وابوو پرۆسەیەکی شکست خواردوو بوو بۆ ژینگەیی کوردستان و قوتابیان نەگونجاوە ناشارەزایی زۆرێک لە مامۆستایان سەبارەت بە ئالیەتی سیستەمەکە و نەبوونی خزمەتگوزارییە بەردەستەکان وای کرد زۆرترین قسە و باسی ناو تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و جوڵاندنی ڕای گشتی بە تایبەت چینی قوتابیان دروست بکات،ئەم بابەتە وەکو بابەتێکی تازە هاتە ئاراوە چ بۆ قوتابی و چ بۆ مامۆستایان،زۆرترین ئەو کاردانەوانەی سەبارەت بە پرۆسەکە لە نێو تۆڕە کۆمەڵاتییەکان قوتابی بوون،چونکە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی فۆرمی ئامرازەکانی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بوونەتە هۆی ناڕەزایی دەربڕینی هەموو پرسە جیاجیاکانی ناو تۆڕە کۆمەڵاتییەکان، چونکە پێشوتر کوردستان بە پرۆسەیەکی وەهادا تێنەپەڕی بوو تەنها پەیرەوکردنی خوێندنی کلاسیک بوو لە تەواوی ناوەندەکانی خوێندن،بۆیە بابەتەکە تازەبوو هەم بۆ خودی قوتابیان و هەم بۆ خودی وەزارەتەکە، بۆیە لە ماوەی پرۆسەکەدا زۆرترین باس و مشتومڕی لە تەواوی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان لەسەر بوو ،بە جۆرێک چەندین هاشتاگ و چەندین گروپ و پەیج لە هەموو تۆڕە کۆمەڵاتیە جیاوازەکان و ئەپڵیکەیشنە جیاوازەکانەوە لە لایان قوتابیانەوە دروستکران یەکێک لەو گروپانەی دروست کرا بە ناوی (بەڵێ بۆ خوێندن لە نێو کەمپەس) کە زیاتر لە (سی و هەشت هەزار) کەس تێدا ئەندامن تاکو ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، جگە لە هەموو ئەو پەیج و گروپانەی لە ژێر ناوی (نەخێر بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی) دروستکران،هەموو ئەمانەش زۆر بە زووی لە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بڵاوبوونەوە و مەبەست لێیان دروست کردن و وروژاندنی ڕای گشتی بوو لە ناو تۆڕە کۆمەڵاتییەکان سەبارەت بە پرۆسەکە، کۆکردنەوەی قوتابیانی ناڕازی لە خوێندنی سیستەمی ئەلیکترۆنی و هەوڵدان بۆ بایکۆت کردنی سیستەمەکە، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ناڕەزایی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، داواکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەواوی سیستەمەکەو پەیرەوکردنی خوێندن لە ناو کەمپەسدا. ئەمە جگە لەوەی کە پرۆسەکە بۆتە هۆی ناڕەزایی لە نێوان قوتابیان بەهەمان شێوە مامۆستایانیش دژی پرۆسەکەن، چونکە پێیان وایە کە خوێندنی ئەلیکترۆنی تا ڕادەیەکی باش سەرکەتنی بە دەست نەهێناوە، بە ڵکو دەتوانرێت بە شکست خواردوو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

هەژمار بکرێت، بەو پێیەی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان قوتابی و مامۆستادا لە خوێندنی ناو کەمپەسدا هەیە، لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا بە ڕادەیەکی کەم بوو و لاواز بوو، واتا ئاستی فیدباکی قوتابیان کەمتر بوو، دەرگای گفتوگۆ لە خوێندنی ئەلیکترۆنی لە چاو خوێندنی لەناو کەمپەسدا کەموکورتی هەبوو، بەهۆی ئەوەی ئەو پەیوەندییەی ،کە لە نێوان مامۆستا و قوتابیاندا هەبو بوو بە پەیوەندییەکی یەک لایەنە، تەنها پەیامەکان لە ڕێگای ئیمێڵەوە ئاراستەی قووتابیان دەکرا،ئەمەش هۆیەک بوو کە دەرگای گفتوگۆ والا نەبێت لە پرۆسەکە،ئاستی زانکۆکانی کوردستان بۆ بەرێوەبۆدنی ئەم پرۆسەیە زۆر لاوازن بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی تۆکمە لە زانکۆکان و نەبوونی سێرڤەرێکی تایبەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی ئەمانەش وا دەکەن کە پرۆسەکە سەرکەتوو نەبێت، تۆڕە کۆمەڵاتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕەتکردنەوەی پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی هەبوو، تەنانەت وای کرد ،کە وەزارەت بە بڕیارەکانیدا بچێتەوە و بیکاتە ئارەزوومەندانە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت تۆڕە کۆمەڵایتییەکان بەشداربوون لە دروست کردنیڕای گشتی سەبارەت بە پرۆسەکە لە لای قوتابیانی زانکۆ. ناڕەزاییەکانی قوتابیان سەبارەت بە پڕۆسەکە وای کرد کاردانەوەی لێ بکەوێتەوە لە ڕێگای هەموو تۆڕە کۆمەڵاتییەکانەوە،ئەویش بە هۆی نەبوونی بارێکی گونجاو بۆ بەرێوەبردنی پرۆسەی خویندنی ئەلیکترۆنی،بەو پێیەی قوتابیان پێشووتر بە پرۆسەیەکی هاوشێوەی وەهادا تێنەپەریبوون،بە هەمان شێوە بۆ مامۆستایانیش پرۆسەیەکی تازە بوو،ئەمە هۆکارێک بوو کە وای کرد کاردانەوەی زۆری لێبکەوێتەوە پرۆسەکە و زۆرێک بە پرۆسەیەکی شکست خواردوو وەسفیان کرد،بەهۆی هەموو ئەو ئاستەنگانەی لە پێش پرۆسەکە دروست بوون و نەبوونی پلانی پێش وەختە بۆ پرۆسەکە وای کرد سەرنەکەوێت، هەموو قوتابیەکان تێدا بەشدار نەبن،پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی ئەو پەیوەندییە گەرم و گوڕەی لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا هەبوو لە ناو پۆڵ نەیهێشت، واتا کارلێکی نێوان مامۆستا و قوتابی بوونی نەبوو لە پرۆسەکە، خراپی باری ئابووری کوردستان و لاوازی کێشەی ئینتەرنێت گەورەترین هۆکاری سەرەکی بوون بۆ دروستبوونی ناڕەزاییەکانی قوتابیان و مامۆستایان سەبارەت بە پرۆسەکە و ڕای گشتی دروست ببێت لەلایان قوتابیانەوە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵاتیەکانەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## بەشی سێیەم/لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

یەکەم:تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و دروستکردنی ڕای گشتی

خشـــتەی(2) هۆکاری تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و دروســـتکردنی ڕای گشـــتی ڕوون دەکاتەوە گشـــتی لە دیدی ســـامپڵی توێژینەوەکە..

لەم خشـــتەیەدا دەردەکەوێت بە ڕێژەیەکی بەرز لێتوێژەران پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان ڕای گشـــتیان دروســـت کردووە.بە ڕێژەی(**67.3%**)بە دوبارەبوونەوەی(**284**)

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | دەستەواژە |
|---|---|---|
| **67.3%** | **284** | بەڵێ |
| **6.2%** | **26** | نەخێر |
| **26.5%** | **112** | هەندێک جار |
| 100 | 422 | کۆی گشتی |

لەم خشـــتەیەدا دەردەکەوێت،(**67.3%**)ی کۆی لێتوێژراوی توێژینەوەکە پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان هۆکارێکن بۆ دروســتکردنی ڕای گشــتی بە دوبارەبوونەوەی(**284**)و بە ڕێژەی(**26.5%**) پێیان وایە هەندێک جار تۆڕە کۆمەڵاتییەکان هۆکارێکن بۆ دروستکردنی ڕای گشتی بە ڕێژەی(**26.5%**) بە دوبارەبوونەوەی(**112**)،ولە ڕێژەی(**6.2%**) پێیان وانیە کە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان هۆکارێکن بن بۆ دروســتکردنی ڕای گشــتی بە دوبارەبوونەوەی(**26**).لەم خشــتەیەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر بوونەتە هۆی دروســـتکردنی ڕای گشـــتی لە لایان قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین و جیهان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

.تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و دەربڕینی ناڕەزاییەکانی قوتابیان

خشـــتەی(3)تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و هۆکاری دەربڕینی ناڕەزایی و دروســـت بوونی ڕای گشـــتی لە دەربڕینی ناڕەزایی و دروست بوونی ڕای گشتی لە دیدی سامپڵی توێژینەوەکە.

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | دەستەواژە |
| --- | --- | --- |
| **67.3%** | **284** | هاوڕام |
| **27.0%** | **114** | تا ڕادەیەک |
| **5.7%** | **24** | هاوڕا نیم |
| 100 | 422 | کۆی گشتی |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت ،کە لێتوێژەران بە ڕێژەی(**67.3%**) هاوڕان لەگەڵ ئەوەی تۆڕە کۆمەڵاتیەکان هۆکارێک بوون بۆ دەربڕینی ناڕەزایی قوتابیان سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی بە دوبارەبوونەوەی(**284**)و بە ڕێژەی(**27.0%**) لێتوێژەران پێیان وایە کە تا ڕادەیەک تۆڕە کۆمەڵاتییەکان هۆکارێک بوون بۆ دەربڕینی ناڕەزایی قوتابیان سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی بە دووبارەبوونەوەی(**114**)،و بە ڕێژەی(**5.7%**) لە لێتوێژەران هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی کە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان هۆکارێک بوون بۆ دەربڕینی ناڕەزایی قوتابیان سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی بە دوبارەبوونەوەی(**24**).لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە لێتوێژەران بە ڕێژەیەکی زۆر هاوڕان لەسەر ئەوەی کە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی قوتابیان سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی هۆکارێک بوون.

4.هاشتاکی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و دروستکردنی ڕای گشتی

خشتەی(4)بڵاوبوونەوەی هاشتاک لە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و دروستکردنی ڕای گشتی لە دیدی سامپڵی توێژینەوەکە.

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | دەستەواژە |
| --- | --- | --- |
| **56.6%** | **239** | زۆر |
| **29.6%** | **125** | تا ڕادەیەک |
| **8.8%** | **37** | کەم |
| 100 | 422 | کۆی گشتی |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

لەم خشتەیەدا لێتوێژەران بە ڕێژەی(**56.6%**) پێیان وایە بڵاوکردنەوەی هاشتاگەکانی تۆرە کۆمەڵاتییەکان ڕادەیەکی زۆر بوونە هۆی دروستکردنی ڕای گشتی لە لایان قوتابیانەوە سەبارەت بە پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی بە دوبارەبوونەوەی(**239**)،وبە ڕێژەی(**29.6%**) پێیان وایە تا ڕادەیەک بڵاوکردنەوەی هاشتاگەکانی تۆرە کۆمەڵاتیەکان بوونە هۆی دروستکردنی ڕای گشتی لە لایان قوتابیانەوە بە دوبارەبوونەوەی(**125**)و وە بە ڕێژەی(**8.8%**) پێیان وایە هاشتاگەکانی تۆرە کۆمەڵاتییەکان بە ڕێژەیەکی کەم بوونە هۆی دروستکردنی ڕای گشتی لە لایان قوتابیانەوە سەبارەت بە پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی بە دووبارەبوونەوەی(**37**). لێرەدا دەردەکەوێت کە هاشتاگەکانی تۆرە کۆمەڵاتییەکان ڕادەیەکی زۆر بوونە هۆی دروستکردنی ڕای گشتی لە لایان قوتابیانەوە سەبارەت بە پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەو هاشتاگەوە بێت ئەو هاشتاگانەی تۆرە کۆمەڵاتییەکان ڕۆڵی زۆریان هەبووە لە دروستکرنی ڕای گشتی لە لایان قوتابیان سەبارەت بە پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی.

.ئەو تۆڕانەی هۆکاری سەرەکین بۆ دروستکردن و وروژاندنی ڕای گشتی.

خشـــتەی(5) جۆری ئەو تۆرە کۆمەڵاتییانەی کە هۆکاری ســـەرەکین بۆ دروســـتکردن وروژاندنی ڕای گشـــتی لە دیدی سامپڵی توێژینەوەکە.

| دەستەواژە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| Facebook | **411** | **55.17%** |
| Instagram | **197** | **26.04%** |
| Twitter | **72** | **9.66%** |
| YouTube | **65** | **8.72%** |
| کۆی گشتی | 745 | 100 |

لەم خشـــــتەیەدا دەرەکەوێـت کە فەیســـــبـووک(Facebook) بە ڕێـژەی(**55.17%**)بە پـلەی یەکەم هـــاتـووەبە دووبارەبوونەوەی(**411**)لە لایان لێتویژەرانی توێژینەوەکە پێیان وایە هۆکاری سەرەکییە بۆ دروست کردن و وروژاندنی ڕای گشـــتی، ئینســـــتاگرام(Instagram) بە پلەی دووەم هاتووە بە بە ڕێژەی(**26.04%**) بە دوبارەبوونەوەی(**197**)بۆ دروستکردن و وروژاندنی ڕای گشتی،وە تویتەر(Twitter) بە ڕێژەی(**9.66%**) بە دوبارەبوونەوەی(**72**)بە پلەی سێیەم هـــاتووە،یوتیوب(YouTube)بە ڕێژەی(**8.72%**) بە دوبـــارەبوونەوەی(**65**) بە پلەی چوارەم هـــاتووە.لێرەدا بۆمـــان دەردەکەوێت کە کاریگەرترین تۆڕ بۆ و دروستکردن و وروژاندنی ڕای گشتی بریتییە لە تۆڕی فەیسبووک(Facebook).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## دەرئەنجامەکان:

1.تۆڕە کۆمەڵاتیەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبوولە دروستکردنی ڕای گشتی لە کوردستان.

2.تۆڕە کۆمەڵاتیەکان هۆکارێک بوون کە لە ڕێگایەوە قوتابیان نارەزایی خۆیان دەربڕن بۆ پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی و دروستکردنی ڕای گشتی لەلایان قوتابیانەوە بۆ پرۆسەکە.

3.هەموو ئەو هاشتاگانەی لە ڕێگای تۆرە کۆمەڵاتیەکانەوە بڵاوکرانەوە بوونە هۆی دروستکردنی ڕای گشتی لەلایان قوتابیانەوە بۆ پرۆسەکە.

4.تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کاریگەرترین تۆڕە کە ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی ڕای گشتی، بەراورد بە تۆڕەکانی دیکەی وەکو ئینتستاگرام و تویتەر و یوتوب.

## ڕاسپاردەکان:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر چەند راسپاردە و پێشنیارێک دەخاتە بەردەم لایەنە پێوەندیدارەکان بۆ زیاتر بەرەو پێشچوون و پەرەپێدانی سیستەمی خوێندنی ئەلیکترۆنی بەم شێوەیەی خوارەوە:

1.وەزارەتی خوێندنی باڵا کار بکات بۆ بەرو پێشچوون و پەرەپێدانی سیستەمی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە زانکۆکان.

2.هەر زانکۆیەک سیستەمێکی تایبەت بە خۆی بۆ پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی دروستبکات بۆ ئەوەی لە کاتی تەنگژەکاندا پەیرەوی سیستەمەکە بکرێت

3.حکومەت هێڵی ئینتەرنێتی تایبەت و بەهێز بۆ زانکۆکان دابین بکات.

4.وەزارەتی خوێندنی باڵا لە کوردستان خولی فێرکاری بۆ مامۆستایان بکاتەوە لە لایان کەسی شارەزا بۆ پەپرەوکردن و شارەزاییان لە پرۆسەکە.

5.زانکۆکان ئەپی تایبەتیان هەبێت بۆپەپرەکردنی سیستەمی خوێندنی ئەلیکترۆنی.

6. حکومەت لەرێگەی کۆمپانیاکانی هێڵی ئینتەرنێت نرخ بۆ خوێندکاران دابشکێنن و خێرایی زیاد بکەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

# The Role of Social Networks in Creating Public Opinion About Electronic Study

**Shanaz Muhamad Sadeq**

Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** shanaz87muhamad@gmail.com

**Sara Mohsen Qadir**

Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** sara.qadir@su.edu.krd

## Abstract:

In line with the developments of various social networks, it has made the public see a change for all the various issues in the nation, one of which was the issue of electronic education, which has been influenced by the social networks, especially by students. Therefore, from this perspective, the researcher in the research scientifically shows the role of the social networks in creating public opinion about the process of electronic study. This research is a description, a researcher who has used the research to achieve detailed and necessary data and information about the subject of survey methodology research. Among the students of Kurdistan University, Salahaddin University and World University students are research samples of 422 students of both maleand female genders, the most important results that researchers have reached are the social networks that are a reason for creating public opinion and all The data spread through the social network to a process have created public opinion about the electronic study process, the strongest network, the Facebook social network to create public opinion in Kurdistan. In the short list of research, recommendations and suggestions have been made.

**Keywords**: Role, Social Media, Public Opinion, Electronic Study.

## سەرچاوەکان:

أبراهيم فواز الجباوي.( 2011). الاعلام والراي العام أثناء الازمات. سوريا دمشق: دار طلاس للنشر والتوزيع.

جعفر حسن جاسم الطائي.( 2006). التطبيقات الاجتماعية لتكنولوجيا المعلومات. عمان الاردن: دار المناهج للنشر والتوزيع.

محمد سعيد عبدالمجيد ممدوح عبدالوحيد.( 2013). "شبكات التواصل لالجتماعي والثقافة السياسية للشباب الجامعي دراسة ميدانية.": -240229.

سامي الخفاجي.( 2015). التعليم المفتوح والتعليم عن بعد أساس للتعليم الأليكتروني. عمان- الاردن: الاكادميون للنشر والتوزيع،

رشيد حمليل. (2007).الحرب والرأي العام والدعاية. جزائر: وزارة الثقافة الجزائرية.

رضا محمد عطية.( 2013). التعليم الأليكتروني كمستحدث تعليمي. عمان: بدون دار النشر،

نرمين السطالي.( 2019). أثر شبكات الانترنيت على أتجاهات الشاب في عصر العولمة. مصر: ببلومانيا للنشر والتوزيع،

حسنێن شفيق.( 2014). الاعلام الجديد والتحولات المستقبلية. قاهرة: دار فكر للطباعة والنشر والتوزيع.

صابر السرحان محمد بني سلامة عاهد المشاقبة محمد دراوكة.( 2016). "دور المواقع التوا صل الأجتماعي في التشكيل الوعي السياسي درا سة تطبيقية على طلبة الجامعة ال البيت." مجلة المنارة العدد 4،: 38-20.

صالحة عبد الله عيسان ووجيهة ثابت العاني.( 2007) "واقع التعلم الإلكتروني من وجهة نظر طلبة كلية التربية بجامعة السلطان قابوس." درا سات، العلوم التربوية، المجلد9،: 341-365.

عاطف حطيبة.( 2017) نظريات و مناهج الاعلام. قاهرة: دار النشر للجامعات.

السعيدي حنان وضيف.( 2015). استخدام مواقع التواصل الاجتماعي وأثره على القيم لدى الطالب الجامعي موقع فيس بوك نموذجا. جزائر: جامعة قاصدلي مرباح ورقلة رسالة ماجستير.

طارق عبدالرووف.( 2014). التعليم الأليكتروني والتعليم الأفتراضي. قاهرة: المجموعة العربية للتدريب والنشر,

عكنوش نبيل.(7 201). "التعليم الالكتروني والتعليم عن بعد بالجامعة الجزائرية." مجله المكتبات والمعلومات عدد 3.

حامد عبدالماجد القوىسى.(2003). دراسات فى رأى العام مقارنة سىاسىة. قاهرة: مكتبة الشروق الدولية.

كرێكار حەمەغەریب(2020 ,4 2) تاريخ الوصول 3 7, 2020https://knwe.org/

محمد صفوت حسن.( 2012). الاخبار والرأي العام تأثير الاعلام على الحياة المدنية. مصر: كتابات للنشر والتوزيع.

رحىم مزىد. (2013).كتاب اخلاقىات الاعلام الجدىد. مطبعة محافضه دهوك: دهوك.

Rakkanngan, wasinee Kittiwongvivat pimonpha.( 2010). facebooking your dreams. sweden: master,society and technology faculty.